www.kurdistannet.org
09/07/2003 01:42

# له بەڵگەنامە و دەكومێنتەكانی شۆڕشی ئەیلول

## یەكەمین كۆبونەوەی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی

د. جەبار قادر

دوا بەدوای ڕاگەیاندنی ئاگربەستی ١٠ شوباتی ١٩٦٤ لە نێوان سەركردایەتی شۆڕشی ئەیلول و حكومەتی عەبدوسەلام عارف ناكۆكی و ئاڵۆزی، كە ماوەیەك بوو لە نێوان باڵی بیرۆی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان و سەركردایەتی بارزانیدا لە ئارادا بوون، تەقینەوە و یەكێتی ڕیزەكانی كورد و دەستكەوتەكانی شۆڕشی ئەیلولی ڕوو بە ڕووی مەترسی و ئەگەری لە دەستدان بووبوونەوە. لەو كاتە ناسك و هەستیارەدا كە دڵەراوكێی و سەرگەردانی باڵی بەسەر لایەنگرانی شۆڕش و ئەندامان و دۆستانی پارتی دیموكراتی كوردستان و پێشمەرگەكاندا كێشابوو، هەردولا هەوڵیاندەدا خۆیان بە هەڵگری ڕاستەقینەی ئالای شۆڕش بەكورد بدەنە قەبوڵ كردن. باڵی مەكتەبی سیاسی لە ماوەیەكی كورتدا پێگەكانی خۆی لە كوردستان لە دەستدا و ئەودوای چیرۆكەكە ئاشكرایە و لە چوارچێوەی ئەم وتارەدا ناكرێ لە وردەكارییە خەمگینەكانی بكۆڵێنەوە.

لە بەرامبەر كۆنفرانسی پارتی لە ماوەت ٤ – ٩ نیسانی ١٩٦٤ كە لە لایەن باڵی مەكتەب سیاسییەوە بەسترا و بریاردرا مافی وت و وێژ و ڕێكەوتن لە گەڵ میریدا و سەركردایەتی هێزی پێشمەرگەی كوردستان و مافی داواكردنی بەستنی كۆنگرەی پارتی لە بارزانی بسەندرێتەوە، لە سەر داخوازی بارزانی كۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ٧ تەمموزی هەمان ساڵدا لە قەڵادزە بە بەشداری ٤٥٠ كەس بەسترا و لایەنگیری تەواوی خۆی لە ڕێبازی سیاسەی بارزانی ڕاگەیاند و بریاری دەركردنی ١٤ ئەندامی سەركردایەتی باڵی مەكتەب سیاسی دا كە ئەمانە بون : (ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە، عەلی عەسكەری، حیلمی عەلی شەریف، عەلی عەبدولا، نوری شاوەیس، مەلا ماتۆر (عەبدولا ئیسماعیل) ، سەید عەزیز شەمزینی، عەلی حەمدی، محەمەد حاجی تایەر، عەلی عەسكەری، شەمسەدین مفتی و نوری ئەحمەد تاها) و لە جێگەیان سەركردایەتیەكی نوێی بۆ پارتی هەڵبژادر كە بریتی بو لە (حەبیب محەمەد كەریم – سكرتێر، دكتۆر مەحمود عوسمان، دكتۆر فوئاد جەلال، عەلی سنجاری، ساڵح یوسفی، ئیسماعیل عارف، سدیق ئەمین، عومەر شەریف، عەبدولی سۆران، هاشم عەقراوی، شێخ محەمەد هەرسینی، یەدولا كەریم فەیلی و عەزیز عقراوی) . بێجگە لە بەستنی كۆنگرەی پارتی سەركردایەتی بارزانی بۆ مامەڵە كردن لە گەڵ ئەو بارە ئاڵۆزەدا و ڕێكخستنەوەی ڕیزەكانی لایەنگرانی لە نێو پارتی و پێشمەرگە و كۆمەڵگەی كوردیدا دوای ئەو هەژانە گەورەیە و لێكترازانە پر لە مەترسییە زنجیرەیەك كۆبونەوەی ئەنجامدا كە وادیارە بۆ ئەوە بو كە هەموو شەرعیەتیەك لە باڵی بیرۆی سیاسی وەربگرێتەوە و پێگەیان بەجۆرێك لاواز بكا كە لە بەرامبەریدا خۆیان پێنەگیرێ.

ئەو كارانەی بارزانی ململانێیەكی سیاسی بوو بۆ بەهێزكردنی پێگەی سیاسی و كۆمەلایەتی بەرەكەی خۆی لە دژی بەرەی بەرامبەردا. لێرەدا باس لە باشی و دروستی ئەو بارە و ئەو هەولانە ناكەین بەڵكو تەنها وەكو بابەتێكی مێژوویی و بە شێوەیەكی بابەتیانە دەیانخەینە بەرچاو بۆ ئەوەی لەدواییدا لێیان بكۆڵرێتەوە. ئەو هەنگاوانە بریتی بوون لە بەستنی كۆنگرەی شەشی پارتی دیموكراتی كوردستان لە قەلادزە (٧ / ٧ / ١٩٦٤) و دەركردنی ١٤ ئەندامی سەركردایەتی پارتی لە لایەنگرانی باڵی مەكتەبی سیاسی و هەڵبژاردنی (ڕاستتر دەستنیشانكردنی) ئەندامی نوێ لە جێگەكەیان و بەستنی كۆنفرانسی سەربازی بۆ سەركردە و بەرپرسەكانی هێزی پێشمەرگە و ڕێكخستنەوەی ڕیزەكانیان و دروستكردنی بیرۆی سەربازی و ئەنجومەنی ڕاپەراندن و بەستنی كۆنفرانسێكی میللی كە نوێنەرانی توێژەكانی كۆمەڵگەی كوردی و كەسایەتیە سیاسی و

www.kurdistannet.org
09/07/2003 01:42

کۆمەڵایەتیەکانی گرتبوە خۆی بۆ ئەوەی مەسەلە چارەنوسسازەکان وەکو شەر و ئاشتی و وت و ویژ لە گەڵ حکومەتی عارفدا تاوتوێ بکەن و بریاری لە سەر وەربگرن. ئەم شێوازە هەرچەندە لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی راستەقینەی نوێنەرانی کوردا نەهاتبوە کایەوە بەلاَم بۆ ئەو بارەی کوردستان و شۆرشی ئەیلول شێوازێکی لە جیٚ بوو و پێموابە لەو کاتەدا لەوە زیاتر ئەستەم بوو بکریٚ. ئەگەر لە گەڵ باری قالبگرتوی ئەورۆی کوردستاندا بەراوردی بکەین دواکەوتوویی بیری سیاسی و ئیداری ئەورۆی سەرکردایەتی کوردمان بۆ دەردەکەویٚ.

یەکیٚ لەو هەنگاوانەش دامەزراندنی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش) بوو کە نوێنەرانی سیاسی و سەربازی حیزب و هێزەکانی پێشمەرگە و سەرك هۆز و کەسایەتیە نیشتمانپەروەرەکان و پیاوانی ئاینیی ئیسلام و کریستیان و نوێنەرانی قوتابیانی کورد لە کوردستان و لە ئەورووپای گرتبوە خۆی.

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی کوردستان لە ٤ ئوکتۆبەری ١٩٦٤ دامەزراو و یەکەمین کۆبونەوەی گشتیی لە ٩ ئوکتۆبەری ١٩٦٤ لە دێی بۆسکێن بەست بە ئامادەبوونی زووربەی هەرە زۆری ئەندامەکانی. کۆبونەوەکە بە وتەیەکی کورت لە لایەن شێخ محەمەد هەرسینەوە کرایەوە. لە وتەکەیدا شێخ محەمەد دەڵیٚ (براینە پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرم و گورتان دەکەم بۆ ئەم هاتنە مێژوویە و هیوادارم ئەو رەنجەی کە ئەیکێشن لەم رێگەیە هەمووی رەنجێکی بەردار و بەکەڵك بیٚ بۆ بەرژەوەندی هەموو گەلی کورد. ئێستا دانیشتنەکەمان دەکەینەوە بە وەستان یەك دەقیقە بۆ رۆحی پاکی شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان .... . لە زمانی هەموتانەوە داوا ئەکەم لە کاك مستەفای بارزانی کە دانەری بەردی بناغەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشە و یەکەم کەسێکە کە بیری لەم رووداوە مێژوویە گەورەیەوە کردەوە بۆ گەلی کورد و بۆ چارەسەرکردنی هەموو گیر و گرفتێکی میللەتەکەمان وتەیەك پێشکەش بکات) .

بارزانی : هەر لێرە راوەستم باشتر نیە هەمویان گوێیان لیٚ دەبیٚ ؟. (بەشی یەکەمی وتارەکەی بارزانیم کردۆتە کوردی باوی ئەورۆ و بەشەکەی تریم وەکو خۆی هێشتۆتەوە. دەقی تۆمارکراوی وتەکەی بارزانی بەدەنگی خۆی لە گەڵ ئەم وتارەدا بۆ یەکەمین جار بلاَودەکرێتەوە).

تێبینی کوردستان نێت:

دەقی ووتەکەی بارزانی نەمر پاش تەواوبوونی کاری تەکنیکی بەمزوانە، وەك خۆی بلاَودەکەینەوە.

مافی بلاَوکردنەوەی لەلایەن کوردستان نێتەوە پارێزراوە.

(هەروەکو شێخ محەمەد فەرموی بەخێرهاتنی هەموتان ئەکەم و سوپاسی ئەو زەحمەتیەی کە کێشاوتانە و ئەو قوربانیانەی کە ئێوە داوتانە، ئەو گەلی کوردە هەمووی پێکەوە کە هەمووشیان بەشدارن پێکەوە شانازی پێوە ئەکەم و ئینشائەڵا هیوامان ئەوەیە کە ئێوە هەموتان هەوڵی خۆتان پەرەپێدەن لە سەر بیرێکی پاك و راست بۆ ئەو میللەتە هەژارە کە ستەمی لێکراوە و ئامانجیش ئەوەیە لەم چەوسانەوەیە رزگاری بیٚ و بگاتە مافی مرۆڤانی و لە باری نامرۆڤانی رزگاری بیٚ لە بەر چاوی دونیا و بگاتە حاڵەتێکی مرۆڤانی. هیواشم ئەوەیە کە هەموتان پێکەوە بە بیرێکی راست و دروست و برایەتی و دۆستایەتی و دڵسۆزییەوە دەست بدەنە دەستی یەك و خزمەتی ئەو گەلە زۆرلێکراوە بکەن لە سەر بیرێکی پاك نەوەك بیرێکی وا کە ئێمە ئەگەر شتێکمان لە دەست بیٚ ببینە زۆردار بەسەر خەڵکەوە دەبیٚ ئێمە هەموو کاتیٚ لایەنگری زۆرلێکراوەکان و چەوسانەوەی خۆمان لە بیر نەکەین و هیچ کاتێك زۆرداری لە کەس نەکەین و بە برایەتی لە گەڵ هەموو کەسێکدا لە سەر بیرێکی پاك لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا کار بکەین. ئێستاش کە ئێوە نوێنەرایەتی گەلی کورد دەکەن و هاتونەتە ئێرە دانیشتون بۆ بەرێوەبردنی کاروباری میللەت و دەستنیشان کردنی چارەنوسی کورد. ئاسان نیە مرۆڤ دوور لە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی یا

بەرژەوەندیی ڕێبازێکی دیاریکراو ولە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا خزمەت بکات. پێویستە هەموو بەرژەوەندی و ڕێبازی تایبەتی وەلاوە بنێن. هەمووتان دەبێ بیری خۆتان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی گەلی کوردا کۆبکەنەوە. ئێمە ئەم گرووپەی کە لێرە کۆبوینەتەوە و ئەوەی بە عەقڵماندا بێ لە هێز و تواناماندا بێ بۆ ئەو میللەتەی خەرج دەکەین بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی وا کە مرۆڤ بتوانێ بڵێ ئەمانەش وەکو ئەو عالەمە هەموویان مافێکیان هەیە. مافێك کە پێی دەڵێن ماف ڕەوا وانە کە بڵێن بەزۆرداری یا بە ستەم و دوژمنکاری بە دەست هێنراوە یا مافیان نیە ماف بۆ دروست بکەن. ماف خۆیانە و ماف ئەوەیان هەیە. بۆیە تکای من ئەوەیە هەموتان بە برایەتی دەست بدەنە دەستی یەك و بە بیرێکی پاك ئەو خزمەتە بۆ ئەو میللەتە بکەن لە سەر خاڵی بەرژەوەندی گشتیی یەك بگرنەوە. من بۆ خۆم لێرەدا ئامادەم هەر هەڵەیەك، هیچ مرۆڤێکیش لە هەڵەکردن بەدەر نیە، هەر هەڵەیەك کە پێتان وایە من کردومە و بە پێویستی دەزانن ئاگادارم بکەنەوە لێی و حەز دەکەم پێم بڵێن و ئەو هەڵانەی کە دەیکەم بڵێن ئەمانە هەڵەن بۆ ئەوەی جارێکی تر نەیکەمەوە و ئەگەر هەڵەشم کردووە لەوانەیە بتوانم دروستی بکەمەوە و ئەگەر ئەو جۆرانەش کە توانای چاکردنەوەیان نیە بۆهەموو سزایەك ئامادەم کە هەڵەیەك لە سەر بێ. دەمەوێ بەم بۆنەیەوە بڵێم کە بەرژەوەندی گەلەکە لای من لە سەرەوەی هەموو شتێکەوەیە، تکا دەکەم ئێوەش هەموو بەو شێوەیە وەکو بۆتانم باس کرد بۆ ئەو میللەتە خۆتان فیدا بکەن نەك میللەت بۆ خۆتان فیدا بکەن. چونکە ئەگەر ئێمە وا نەبین کە خۆمان بۆ میللەت قوربانی بکەین تا میللەت سەر بکەوێ، ئەمە ناکرێ ئێمە گەل بۆ خۆمان بفرۆشین و بەرژەوەندی تایبەتی خۆمان بەدەست بێنین یا ڕێبازێکی تایبت بگرین و میللەتەکەش بکەینە قوربانی. نابێ ئێمە بە تەمای ئەوە بین کە ئێمە بڵێین بەڵێ میللەت وا و یا ئەمە، ئێمە دەبێ بەرژەوەندی میللەت لە ژیانی خۆمان و لە ڕوناکی چاوی خۆمان زۆر بەرزتر بگرین. گەلانیش هەموو دەزانن کە میللەتەکەمان زۆری لێکراوە تا دوا پلە و بە هەموو واتایەکی ئێمە پێویستیمان بە عەقڵ و لە خزمەت و لە تەدابیری باش و لە هەموو شت لە زانست کە ئێمە ئەم میللەتە پێبگەنین، بەلام من ئێستا ناتوانم قسە لەوە بکەم بڵێم بەڵێ زانست و ئەوانە چونکە شتێکی وامان بەدەستەوە نیە کە بتوانین بەخۆمان چارەنوسی خۆمان بە خۆمان و بیر و ڕا و بریار خۆمان بڵێین ئەمە بکەین و ئەمە وا بێ و ئەمە وابێ. ئێستا هەر ئەوەیە دەبێ خزمەتی میللەت بکەین تا بگاتە پایەیەکی وا تا بتوانێ بۆ خۆی تەقریری مەسیری خۆی قەرار بدا. ئێستاش حاڵی حازر مەسەلەکە لە ئەوەڵەوە لە گەڵ ئەم حکومەتە شەر ڕاوەستاوە، سێ ساڵ ئەم حکومەتە شەری لە گەڵ ئەم میللەتە کردووە ئەم میللەتەش کە ئەو قارەمانییەی نواندووە وەکو ئێستاش ئێمە هەموو دەقیقەیەك شانازی دەکەین بەو شەهیدانە کە خۆیان کردووە بە قوربانی بۆ ئەم میللەتە. ئەورۆ جێگەی شانازی ئێمەیە و من بە هموو دڵێکی پاکەوە و بەهەموو مانایەك شانازی پێوە ئەکەم بەو کورانەی کە شەهید کراون و هەتا دونیا مابێ بۆ ئێمە مایەی شانازین. لە هەموو میللەتێکیش هەتا قوربانی نەدراوە نەگەیشتوەتە مافێکی وا کە بۆ خۆیان دەخوازن لە سێبەریدا ئاسودە بژێن ~ ئێستاش تکای من ئەوەیە حکومەت تا ئێستا هیچ بریارێکی نەداوە هیچ شتێکی نەکردووە و ئەو شتەی کە دەیکا مەبەستی حکومەتیش تا ئێستا دیار نیە و تاوەکو ئێستا شتێکی مەلموسی نەداوەتە دەستی ئێمە کە بڵێ ئەمە. ئێمە داوای ئەوانەمان کرد بەڵێ کە دێهاتی کوردستان لە کەرکوك و لە هەولێر ملکی کوردە هی باوکیانە هی ئەجدادیانە داوا دەکەین شتێکی زۆر بە قانونی و ئوسوڵی موڵکی ئێمەیە بماندەنەوە تا ئێستا عەرەبیان هێناوە و دایانەونەتە سەر و ئەوە نمونەی گشتیی کوردستانە لە ژێر دەستیاندا کە ئەوەی دەستیان بەسەردا گرتوە و نایدەنەوە و ئەوی تریش هەموو وا لێیکەن و شتێکمان نادەنێ. ئینجا لە بەر ئەوە پێویستە میللەتی کورد بۆ خۆی بە برایەتی و دڵسۆزی و دۆستایەتی دەستی یەکێتی و هاوکاری درێژ بکا و هەتا لە توانای ئێمەدا بێ ئێمە بە ئاشتی و ئاشتیخوازی لە گەڵ حکومەتدا دەڕۆین، بەلام حکومەت ئیسپاتی کردووە کە فیکری ئەوە نیە حەقمان بدا بە قسە دەڵێ بەڵێ بەلام لە پراکتیکدا هیچی نەکردوە. ئەم دێهاتانە دەلیلی ئەوەن کە موڵك موڵکی کوردە و کوردی لە سەر دەرکردووە و عەرەبی هێناوە لە سەر داناوە ئەمە هەشت

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
09/07/2003 01:42

مانگە ئێمە تکا دەکەین تا ئەرۆ مولْکی ئێمە و دێهاتی ئێمەی بۆ ئێمە ئیعادە نەکردوەتەوە، هەموتانیش ئەزانن کە ئەم جاشانە لە عیراق چەکدار کراون بۆ ئاژاوەگێران و فیتنە و فەساد و وێرانکردن و کوشتن و سوتاندن. تا ئێستاش داوا دەکەین بلاْوە بەم جاشانە بکەن بلاْوەیان پێ ناکەن. ئێمە داوای ئەوە ئەکەین کە حکومەت لێبوردنێکی گشتیی بۆ هەموو گەلی عیراق دەربکا و ئەمە لە بەرژەوەندی حکومەتە بەلاْم تا ئێستا ئەم کارەشی نەکردوە. بۆیە شتێکی وای بۆ ئێمە نەکردوە کە ئێمە هیوامان پێی هەبێ بەلاْم ئەساسی هەموو شت حکومەت بۆ ئێمە بیکا یا نەیکا ئەساس ئەوەیە ئێوە ئیعتماد بکەنە سەر رۆحی ئەوە شەهیدانە و ئەو میللەتەی کە ئەمە سێ سالْە بە سەر و مالْ و رۆح خۆی داوەتە بەر ئەوانە. ئەم میللەتە هەر ئەو میللەتەیە و دەبێ هەر لە سەر ئەو حالْە بە ئیعتمادی ئێمە لە سەر خۆمان بێ و خۆمان هەین حەقێکی واش نیە ئێمە تەلْەب ئەکەین حکومەت بمان داتێ حەقی ئێمەیە تەلْەب ئەکەین لێمان نەسێنێ و قەناعەت بکا شەر و فیتنە لە سەر ئەو حەقەی ئێمە نەکا کە لێمان دەسێنێ. حەقی خۆمانە حەقێکی تەقریری مەسیری میللەتێك. ئێمە رازین لە گەلْی بە برایەتی بەهەموو مەعنا، بەلاْم تا ئێستا فکری ئەوەی نیە. ئەگەر بیا ئەیکرد بەقسەش ئەیلْێ بەلاْم عەمەلی شتێك دیار نیە. رجای من ئەوەیە ئێوە ئعتماد بکەنە سەر ئینسانیەت و شەرەف و ناموسی ئەم میللەتە کە دیاری کردووە بۆ عالەم، و هەر لە سەر ئەو رێگە دەست لە دەست یەك و ئیتجاهی موعەیەن تەفرەقە نەخەنە بەینی میللەت. بەهەموو مەعنا یەکێتی و برایەتی و ئینشائەلاْ ئەمەلیشم ئەوەیە بە دلْێکی ساف و پاکەوە هەموو لایەك ئەو قسانە قەبولْ دەکەن و ئەو نوقتەی مەسلْەحەتی عام دەخەنە بەرچاو خۆتان تا ئێمە هەموو لە سەر ئەو نوقتە پێکەوە بین و بۆ مەسلْەحەتی عام و مەسلْەحەتی خۆمان نەیەنین پێش و فیتنە و فساد بخەینە بەینی یەکەوە. رجاش ئەکەم ئەو ئینسانەی کە ناو ئێمە ئەگەر من و ئەگەر هەرکەسێ بێ و ئەگەر لە خاریج بێ یا لە داخیل بێ بزانین کە دەست درێژ دەکا بۆ تەفرەقە و مەسلْەحتی خۆی و تەفرەقەی میللەتی کورد و زەرەر بە ئێمە بگەیەنێ گوێ لەو کەلیمانە نەگرن و دوای ئەو جۆرە کەسانە مەکەون و هیچ وەختێ ئیتاعەی ئەو نەوعە ئەشخاسانە نەکەن کە قسەی تەفرەقە لە بەینی میللەتی کورد دەکا بە هەرچی نەوعێکی کە هەیە. سەد دەفعەش من ئەوەم گوتوە کە من ئێستا رەئیم ئەوە نیە ئێمە شەر بکەین لە سەر ناوی کورد و عەرەب. بۆ؟ کورد و عەرەب وەکو دوو ناوە مەسلەن وەکو بلێین موستەفا و شێخ رەزا یا وەکو بلێین بۆسکین و رانیە وا نیە دوو ناوە دانراوە بەلاْم ئەمانە دوو بران پێکەوە لە ئەرزێك دەژێن. ئەگەر عاقلْ بن بە خۆ بە برایەتی و دەستی تەعەدا و غەدر لە سەر یەك و دوو درێژ نەکەن ئەو ناوە نابێتە سەبەب بەلاْم کە سەبەبی شەر و فیتنە ئەبێ زولْم و غەدر و تەعەدایە. زولْم و غەدر و تەعداش لازمە ئێمە چاوی ئەوەمان نەبێ و نەهێلْین ئەوە بێ بە هەموو مەعنا بۆ رێگای مەسلْەحەتی ئەو میللەتە بەرێگەیەکی عەدلْ و ئینسافەوە ئیش بکەین و تەماشا بکەین و رجای منیش ئەوەیە کە ئێوە بروا بکەن ئەو میللەتە سەرکەوتوە و سەریش ئەکەوێ، و بۆ خاتری ئەو رێگەیە قسور نەکرێ بە دلْێکی ساف و پاکەوە دەست لە دەستی یەك تەوەکول بەخوا رجاشم ئەوەیە کە هەمووتان بە رۆح و بەگیان لە سەر ئەو وزع و زروف و زەمانەی کە هەیە تیدا ئیش بکەن بۆ خاتری مەسلْەحەتی عام و ئەو شەعبە و هەر شەعبێکی تریش لە دونیا بە رێگایەکی برایەتی و سەلامەتی ئێمە حازرین لە گەلْیدا کە هەموو تەعاون و تەفاهوم بکەین. بەلاْم شەخسێ تەعدا لە سەر حەقی میللەتی کورد بکا ئێمەش حازرین بۆ دیفاع لە حالْی خۆمان. ڤێجا ئێوە کە تەقریری مەسیری میللەتی کورد تەمسیل ئەکەن لازمە زۆر بە عەقلْ و حیکمەت زۆر بە ئینسانیەت و ویژدان و عەدل و ئینساف ئێوە فیکری لێ بکەنەوە ئینجا قرارات بدەن و زۆر بە چاکەش مەسلْەحەتی شەخسی خۆ و حەیاتی خۆ بزانن کە مەسلْەحەتی عام مەسلْەحەتی ئێوەیە مەسلْەحەتی ئێوە تەنیا هیچ فایدەیەکی تیا نیە. لە بەر ئەوە رجام وایە زۆر بەعەقلْ و حیکمەت و بە ئوسولْ هەموو وەخت فکری لێ بکەنەوە و قرارات لە سەر رێگەی عەدل و ئینساف بدەن و ئینجا هەموتانیش وەکو من باشتر ئەزانن ئێشەکە هەموی لەوەیە لە جدیات و ئیخلاس بۆ ئەو میللەتە لازمە دەستی ئیخلاس و برایەتی و ئیتیفاق

www.kurdistannet.org
09/07/2003 01:42
درێژکەن و سەلام لە هەموو لایەکیش ئەکەم و ئەمانەت بەخوا بن ئیتر من چی تر ناتوانم عەرزتان بکەم) . (وتەکانی بارزانی تەواو بوون)

ئەم کۆنگرەیە لە دێی بۆسکێن بەسترا و لە لایەن رۆژنامەنوسی ئایسلەندییەوە Erlender Haraldsson، کە بە گەشتێکی رۆژنامەوانی چوبوە کوردستان و زنجیرەیەك وت و وێژی لە گەڵ بارزانیدا ئەنجام دابوو، لە سەر کاسێت تۆمار کرابوو و لە دوای گەرانەوەی کتێبێکی لە سەر کورد و شۆرشەکەی بلاوکردەوە.

دوا بە دوای بارزانی، مستەفا قەرەداخی وتاری پارتی دیموکراتی کوردستانی پێشکەش کرد. کە بریتی بوو لە نرخاندنی باری سیاسی کوردستان و خەباتی گەلی کورد و پێشمەرگە و وت و وێژ لە گەڵ حکومەتی عەبدولسەلام عارفدا لە دوای ئاگربەستی نێوان هەردوولا لە ١٠ شوباتی ١٩٦٤.

دوای ئەویش موقەدەم عەزیز (عەزیز عەقراوی) بە ناوی هێزەکانی پێشمەرگەوە وتەیەکی کورتی پێشکەش ئەندامانی کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش کرد و باسی بەستنی کۆنگرەی پارتی و کۆنفرانسی سەربازی و میللی کرد کە پێش ئەم کۆبونەوەیە کرابون و پێی لە سەر ئەوە داگرت کە دەبێ بۆ بەرێوەبردنی کارو باری پێشمەرگە و ناوچە ئازادکراوەکان سیستەم و قانون دابنرێ و گرنگی لەوەدا دەبینی کە جێ بە جێ بکرێن نەك تەنها لە سەر کاغەز بمێننەوە.

ئەوجا نوێنەری پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا وتەیەکی بە زمانی عەرەبی پێشکەش کرد. لە وتەکەیدا نوێنەری پارتی دیموکراتی کورد (کە وادیارە لە بەر هۆی ئەمنی نێوی رانەیەگەندرا بەلام پێدەچێ حەمید دەروێش بێ) لە سەر نێوی گەلی کورد لە سوریا و هەموو بەشەکانی تری کوردستان بەگەرمی پشتگیری خۆی بۆ شۆرشی ئەیلول و بارزانی راگەیاند و بە دوور و درێژی باسی لە هاوسۆزی و هاودەنگی کوردی دەرەوەی عیراقی لە گەڵ کوردی عیراق و شۆرشەکەیدا کرد.

دوای نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردی سوریا کەمال فوئاد (دوایی دکتۆر) لە سەر نێوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا وتەیەکی پێشکەش کرد. لە گەڵ تەقینەوەی ناکۆکیەکاندا لە نێوان باڵی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی بارزانیدا ئەو کۆمەڵەیە و هەندێ رێکخراوەی تر لە ئەوروپا داوایان لە دکتۆر کەمال فوئاد و دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی کردبو بچنە کوردستان و هەوڵبدەن ناوبژی لە نێوان هەردوو لادا بکەن و لێکیان نزیك بکەنەوە و دلگرانی خوێندکاران و دۆستانی کوردلە ئەوروپا بە هەردولا رابگەیەنن. دوای هاتن و چون لە نێوان هەردوولادا هەولەکانیان سەری نەگرت و هەردووکیان کران بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و لە دواییدا دکتۆر عیسمەت شەریف وەکو نوێنەری شۆرش و بارزانی دەست بەکار دەبێ و دکتۆر کەمال فوئادیش وەگەڵ باڵی مەکتەب سیاسی دەکەوێ. لە وتەکەیدا کەمال فوئاد دلگرانی خوێندکارانی کوردی لە ئەوروپا گەیاندە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بە هۆی دوو بەرەکیەوە لە نێو ریزەکانی پارتی و هێزی پێشمەرگەدا و ئەوەی وەبیر هێنایەوە کە تەنها بە یەکێتی ریزەکانی گەلی کورد دەتوانن بگەنە ئامانجەکان.

بەدوای دکتۆر کەمال فوئادا دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی لە سەر ناوی

(کۆمیتەی پارێزگاری لە مافەکانی گەلی کورد) وتەیەکی دوور و درێژی بە زمانی عەرەبی پێشکەش کرد. وتەکەی بریتی بوو لە هەلسەنگاندنی باری شۆرش لە سەر ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا. هەروەها ئاماژەی بە دووبەرەکی و هۆیەکانی کرد و کۆمەلێ پێشنیاری پێشکەش بە کۆبونەوە کرد.

دوا بە دوای دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی قەشەیەکی کوردستان بە نێوی ئەلئەب خوری وتەیەك پێشکەش دەکا و تێیدا باسی دوو مەسەلەی سەرەکی دەکا کە پێی وایە بێ ئەوانە سەرکەوتن بەدەست نایە ئەویش رێکخستنی کاروبار و یەکێتی ریزەکانی گەلە. ئەب خوری لە وتەکەیدا هەمیشە وتەی ئێمەی کورد بەکار دێنێ و وەکو کوردێکی کریستیان قسە دەکا نەك

www.kurdistannet.org
09/07/2003 01:42

وەکو نوێنەری گەلێکی تری کوردستان و وتەکەی بە دروشمی بژێت کوردستانیٚ دەلال و بژێت قیادە و کورێت کوردستانیٚ یٚ راست مستەفا بارزانی کۆتایی دێنیٚ.

دوای ئەویش شێخ لەتیفی شێخ مەحمود بەنێوی ئەندامانی میللی و عەشایەرەوە وتەیەك پێشکەش دەکا و باسی مێژوو و سەرهەڵدانەکانی کورد و پلاٌنەکانی دەوڵەتانی کۆلۆنیالی لە دژی کورد و شۆرشەکانی دەکا و ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان کوردا بە هۆی سەرەکی تێکشکانی دادەنیٚ و رەخنە لە هەڵس و کەوتی هەندیٚ لە کاربەدەستانی ناو شۆرش دەگریٚ وداوای یەکێتی و برایەتی دەکا و لێبوردن دەخوازیٚ کە تەندروستی باش نیە و ناتوانیٚ بە باشی بیر و بۆچونەکانی خۆی پێشکەش بکا.

مەترانی بەرواری بالاٌ ئەندەریۆس کە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بوو لە بەر دووری رێگە نەیتوانیوە ئامادە بیٚ بۆیە نامەی ناردووە بۆ کۆبونەوەکە و لێبوردنی لە ئەندامان خواستوە کە نەیتوانیوە لە گەڵیاندا بیٚ.

دوای خوێندنەوەی ئەو وتارانە پرۆسەی سوێندخواردن دەستی پێکرد. دەقی سوێندەکە بەم شێوەیە (سوێند دەخۆم بە خوای گەورە و بەقورئانی پیرۆز و بە رۆحی شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان و بە نیشتمانم کە بەو پەری دڵسۆزییەوە ئیش بکەم و بە هیچ جۆریٚ لە مەسڵەحەتی کورد و شۆرش لانەدەم) دەبوایە ئەندامان دەست بخەنە سەر قورئان و سوێندە بخۆن. بارزانی وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش دەبوایە یەکەم کەس بیٚ کە سوێند بخوا. دوای ئەوەی هاتە بەردەم ئەندامان وتی (من لە عومرم سوێندم نەخواردوە ئەگەر قسورم عەفو بکەن من سوێند ناخۆم. ئەگەر داشبنیشم من خیانەت ناکەم. هەتا بمێنم خیانەت ناکەم. من وەقفێکم بۆ میللەتی کورد. ئێوەش بیکەن من هەر نایکەم. من وەعدم داوە بەلاٌم قەت سوێندم نەخواردوە) . هەموو بە یەك دەنگ قەبوڵ دەکەن کە بارزانی سوێند نەخوا.

دوای مشت و مر لە سەر ئەوەی یەك یەك سوێند بخۆن یا شێخ محەمەد دەقی سوێندەکە بخوا و هەموو بەدوایدا بیلێنەوە یا پێنج پێنج سوێند بخۆن. شێوازی دوایی پەسەند کرا و ئەندامان سوێندیان خوارد. لە گۆر ئەوەی لە کاسێتەکەدا مرۆڤ گوێی لیٚ دەبیٚ نزیکەی ٥٠ کەس سوێند دەخۆن. ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و هەموو ناوەکانم بۆ روون نەبۆتەوە. بەلاٌم لە هەندیٚ ئەندامانی ئەو ئەنجومەنەم پرسی بەتایبەتی لە دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی ئەو پێی وا بو کە دەور و بەری ٦٠ کەس دەبون. بێجگە لە بارزانی کە سەرۆکی ئەنجومەن و سەرکردەی بالاٌی هێزی پێشمەرگە بوو، ئەندامانی لێژنەی ناوەندی پارتی و ئامیر هێزەکان و دەستەیەك لە سەرەك هۆز و کەسایەتی و پیاو ئاینییەکانی کورد و نوێنەرانی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و دوو لە پیاوانی ئاینی مەسیحی کوردستان و دوو نوێنەری حیزبی شیوعی عیراق ئەندام بوون لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشدا.

نێوی ئەو ئەندامانەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش کە لە کاسێتەکان و لێرە و لەویٚ بۆم ساغ بونەتەوە ئەمانەن :

مستەفا بارزانی (سەرۆکی ئەنجومەن) ، نوری مەلا مارف، شێخ لەتیفی شێخ مەحمود، ئەب خوری، ئەب ئەندریوس، دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی، دکتۆر کەما فوئاد، عەبدولرەحمان قازی، دکتۆر حیکمەت، موقەدەم عەزیز عەقراوی، موقەدەم نامق، موقەدەم عەبدولاٌ تەوفیق، نافیز جەلال تاها بامەرنی، شێخ رەزا گولانی، محەمەد عەبدولرەحمان، محەمەد ئەمین، یەدولاٌ کەریم، حامید قادر، رەمەزان موحسن، عومەر شەریف، حاجی ئیبراهیم، هاشم عەقراوی، مستەفا قەرەداخی، حەمید دەروێش، عەباس مامەند، محەمەد بۆسکێن، کەوکەس سەید تاها، شەمسەدین مفتی، سلێمان سندی، ساڵح میران، دکتۆر فوئاد جەلال، عەلی سنجاری، حاجی مەحمود ئاغا، باباتاهیر شێخ جەلال، محەمەد سەید عەلی، عەبدولوەهاب ئەتروشی، وهاب ئاغای جندیان، حەبیب محەمەد کەریم، شێخ ساڵح، مولازم تاهیر، مستەفا بەگ، شەوکەت ئاکرەیی، د. مەحمود عوسمان، کاکە زیاد

www.kurdistannet.org
09/07/2003 01:42

حەمە ئاغا، ئەنوەر بەگ بێتواتە، مەحمود بەگ گولی، ئیسماعیل مەلا عەزیز، شێخ ڕەوف هەنجیرە، شێخ حوسێن بۆسکێن و عەگید سدیق.

لە کۆتایی کۆبونەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا بڕیاردرا پێنج لیژنە دروست بکرێن کە ئەمانە بوون :

١. لیژنەی سەربازیی : بۆ ڕێکخستنی کاروباری سەربازی و هێزەکانی پێشمەرگە و لەم ئەندامانە پێکهاتبو : نوری مەلا مارف، عەبدولرەحمان قازی، دکتۆر حیکمەت، موقەدەم عەزیز، موقەدەم نامیق، موقەدەم عەبدولاّ تۆفیق و شێخ ڕەزا.

٢. لیژنەی دارایی : بۆ ڕێکخستنی کارو باری گومرك و باج و دارایی کە ئەندامەکانی ئەمانە بوون : محەمەد عەبدولرەحیم (هەرسینی) ، محەمەد ئەمین، یەدولاّ کەریم، حامید قادر، ڕەمەزان موحسن، عومەر شەریف و حاجی ئیبراهیم.

٣. لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی : بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە ڕزگارکراوەکان و ئەندامانی ئەمانە بوون : سلێمان سندی، ساڵح میران، دکتۆر فوئاد، عەلی سنجاری، حاجی مەحمود ئاغا، باباتاهیر شێخ جەلال، محەمەد سەید، عەبدولوەهاب ئەترووشی، وەهاب ئاغا.

٤. لیژنەی داد : بۆ ڕێکخستنی کاروباری دادگاکانی شۆڕش و ئەو کێشانەی پێویستیان بە دادگا دەبێ. ئەندامانی حەبیب محەمەد کەریم، شێخ ساڵح، مولازم تاهیر و موحسن.

٥. لیژنەی دەستور: بۆ دانانی ستروکتور وپەیڕە و پرۆگرامی نێوخۆی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ئەرك و مافەکانی ئەنجومەن و سەرۆکەکەی. ئەندامان : هاشم عەقراوی، عیسمەت شەریف وانلی، کەمال فوئاد، مستەفا قەرەداخی، شێخ لەتیف، حەمید دەروێش، عەباس مامەند، محەمەد بۆسکێن کەوکەس سەید تاها و شمسەدین مفتی.

بڕیاردرا کە ئەو لیژنانە بۆ ڕۆژی دوای ڕۆژی کۆبونەوە واتە ١٠ ئوکتۆبەر ١٩٦٤ لە کاتژمێری ٨. ٣٠ سەر لەبەیانی بە یەکەوە کۆببنەوە و ئەوجا هەر لیژنەیەك بە جیا کۆببێتەوە و لە ماوەی پێنج ڕۆژدا لە کارەکانیان ببنەوە. هەندێ کەس لە دژی ئەوە بوو و ڕایگەیاند کە ئەگەر پەلە بکرێ ئەوا کارەکان کاڵ و کرچ دەبن بۆیە بڕیاردرا ئەگەر کارەکانیان بۆ تەواو نەبوو ئەوا دەکرێ کاتی لیژنەکان درێژ بکرێتەوە بە تایبەتی بۆ ئەو لیژنانەی کە پێویستیان بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی زانستی و کتێب هەبوو. ئەوانەی کە ئەندام نەبون لە هیچ لیژنەیەکدا، بەتایبەتی سەرکردەکانی هێزی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی کارەکانیان پەکی نەکەوێ بڕیاردرا بچنەوە بە لای کار و باری خۆیاندا و لە ١٥ ئوکتۆبەر بگەڕێنەوە بۆ کۆبونەوەی کۆتایی بۆ بڕیاردان لە سەر پلاّن و پرۆژە و پێشنیارەکانی لیژنەکان.

مخابن لەم کاتەدا سەرچاوەی وام لە بەردەستدا نیە نێوی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشمان بۆ ساخبکاتەوە. کاك مەسعود بارزانی لە کتێبەکەی خۆیدا کە گەلێ لە بەڵگەکانی شۆڕشی ئەیلولی بلاّوکردۆتەوە و لەوانەش دەقی دەستوری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان، کە وادیارە ئەنجومەن لە کۆبونەوەی **٢٣** ئەیلولی ١٩٦٨ دەستکاری تێدا کردووە و دوا فۆرمی داوەتێ، زانیارییەکی ئەوتۆی لە سەر ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ئەندامان و کۆبونەوەکانی تۆمار نەکردوە.

دەستور لە دیباجەیەك و ٢٥ مادە پێکهاتوە. لە دیباجەکەدا بە کورتی باس لە کورد و مافەکانی و چەوسانەوەی لە لایەن دەوڵەتەوە دەکرێ. مادەکانی ١ – ١٤ باس لە پێناسە و دەسەلاّت و پێکهاتە و ئەرك و شێوازی کارکردن و ئەندامەتی و ئەرك و مافەکانی سەرۆك و ئەندامان و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەن دەکا. مادەکانی ١٥ – ٢١ بۆ باسکردن لە دادگا و سیستەمی دادوەری لە کوردستان تەرخان کراون. مادەکانی تری بۆ شێوازی ڕاپەراندنی بەڕێوەبەرایەتی و دارایی و پرسە سیاسی و سەربازییەکان تەرخان کراون.

www.kurdistannet.org
09/07/2003 01:42

بەڵگەنامەکانی دوا کۆبونەمان لە بەردەستدا نین و نازانم کەی بەسترا و بریار لە سەر چی درا. ئەوەندە دەزانم بە خێری رۆژنامەنوسێکی ئایسلەندی ئەم بەڵگەنامەیەمان بۆ ماوەتەوە. لە گۆر گفت و گۆیەکی دوور و درێژی هەمان رۆژنامەنوس لە گەڵ مستەفا بارزانیدا (کە دەقەکەی لای نوسەری ئەم چەند دێرە پارێزراوە) پێش بەستنی کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە بارزانی وت کە ئەو دەبێ لە ناوەراستی ئوکتۆبەردا کوردستان بە جێ بێڵێ. وا پێدەچێ دوا کۆبونەوە تۆمار نەکرابێ و بەڵگەکانی لە نێوچوبن وەکو زوربەی بەڵگەنامە و دەکومێنتەکانی بزاڤی نەتەوەیی کورد. هیوادارم لە داهاتودا تیشکیان بخرێنە سەر.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت